# ﴿ دێوجامەی نەزمی تازە ﴾

سەعید ئەمانی

لە سێڵی تەفرەقەی دەسوون
نووکی زمانی بڵێسەی
ئاگری تەنووری نەزمی نوێ
تا بەڵێنی داهاتووی باشتر، گوڵ دەکا و
دەپشکوێ
برێشکەی هیوا و ئاواتی لە مێژینەی خەڵەتاندن
پڕ دەکەن گیرفانی بێ مافی خەڵك
بە لاوێچی گەورەی درۆ.

بە بن میچی
کۆشکی خەیاڵی داهاتووی ئەم نەزمەوە
بۆ بە شەوارە خستنی ئەو چاوانەی
دەست بەرداری
چەمکی سێبەری گومان نین بە هاسانی
بە شکۆوە
چلچرای دێو جامەیەك
ڕەنگاڵەیی
هەڵدەواسرێ.

مێرگی سەوزی خۆشباوەڕی ژمارەیەك
لەسەرکێشیی ، ئەسپی بێ هەوساری
بە جیهانی بوون دا
ڕەها دەکرێ.

خەمساردی دەڕێژێ

چاوی لێکدانەوە یان

بە سوورمەی بێگانەیی داهاتوویەك:

لە بازاڕی بەڕێچونیا

بە پانتای هەموو دنیا

لە بۆسەدان دەستی بازاڕ

چاوی دووکان

بۆ بە کالایی کردنی

سەرتاپای سرووشتی بەشەر.

داهاتوویەك

هەموو ڕۆژێ ڕیچەی مەرگی

ڕواڵەتی ژین دەڕووشێنێ

پەنجەی غەمی نانی سبەی

خونچەی شادیی ژیانی ئەمڕۆی دەژاکێنێ.

داهاتوویەك

مایەی بوونی

بە هەوێنی شەڕ دەگیرسێ

جنتل مەنێك:

کلکەوانەی پەنجەیەتی

حەڵقەی هەموو نارنجۆکی

چارەنووسێ.

16/1/2006